# حوکمی حەجی منداڵ

﴿ حكم حج الأطفال ﴾

[ كردي – کوردی – kurdish ]

عەبدوالسەلام موحەمەد پشدەری

**پێداچونەوەی :** پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# ﴿ حكم حج الأطفال ﴾

« باللغة الكردية »

عبد السلام محمد بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# حوكمی حەجی منداڵ

سوپاس وستایش بۆ ئەو خوایەی كە حەجیماڵەكەی خۆی لەتەمەندا یەكجار لەسەر موسڵمانانی بەدەسەڵات و بەتوانا فەرز كردووە، درود و ڕەحمەتی نەپڕاوەش بۆ سەر پێغەمبەری ئیسلام كە لەحەجی ماڵ ئاوایی دا بەتەواوی ئیسلامی بۆ ئوممەتەكەی ڕوونكردەوە و پێی ڕاگەیاندن وپەروەردگاریشی كرد بە شاهید بەسەریانەوە، وە درود ورەحمەتیش بۆ سەرجەم هاوەڵ و شوێنكەوتوان و یار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

خوێنەرانی بەڕێز لەم بابەتەماندا هەوڵ ئەدەین بەپێی دەقە سەحیحەكانی فەرمودە حوكمی حەجكردنی منداڵ ڕوون بكەینەوە، بەو ئومێدەی لەم وەرزی حەجەدا چاوڕوونیەك بخەینە بەردەم ئێوەی بەڕێز :

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما أنَّ امْرَأَةٌ رُفَعَتْ إِلَي النبي (صلى الله عليه وسلم ) صَبِيًّا فَقَالَتْ: أَلِهَذَا حَجٌّ؟ قَالَ: " نَعَمْ وَلَكِ أَجْرٌ " { رواه مسلم ١٣٣٦/٤٠٩ وابو داود ١٧٣٦} .

واتە : عەبدوڵڵای كوری عەبباس رەزای خوایان لێ بێت دەڵێت : ئافرەتێك منداڵێكی بەرز كردەوە بۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) تا _ ببینێت _ و ووتی: ئەمە حەجی بۆ هەیە و دروستە ؟ فەرمووی: بەڵێ پاداشتەكەی بۆ تۆیە .

عَنِ السَّائِبِ بْنِ يَزِيدَ قَالَ : " حُجَّ بِي مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم ) وَ أَنَا ابْنُ سَبْعِ سِنِينَ " { رواه البخاري ١٨٥٨ واحمد ٤٤٩/٣ } .

واتە : سائبی كوری یەزید رەزای خوای لێ بێت دەڵێت : لەگەڵ پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم ) حەجیان پێكردم لەكاتێكدا كە تەمەنم حەوت ساڵ بوو .

عن عائشة رضي الله عنها قالت: قالَ (صلى الله عليه وسلم ) : « رُفِعَ الْقَلَمُ عَنْ ثَلَاثَةٍ عَنِ النَّائِمِ حَتَّى يَسْتَيْقِظَ وَعَنِ الصبي حَتَّى يَحْتَلِمَ وَعَنِ الْمَجْنُونِ حَتَّى يَفيق }.

رواه احمد ١٠٠/٦ وأبوداود ٤٣٩٨ والنسائي ١٥٦/٦ صحيح } .

ئەم فەرمودەی عائیشە ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەیگێرێتەوە پاڵپشتی ئەوە دەکات کە منداڵ حەجی لەسەر واجب نیە کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) دەفەرموێت: سێ کەس قەڵەمی - تاوان نووسین- یان لەسەر هەڵگیراوە، لەسەر خەوتوو هەتا لەو خەو هەڵدەسێت و لەسەر منداڵ هەتا باڵغ دەبێت و لەسەر شێت هەتا چاك دەبێتەوە.

بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەوە ناگەیەنێت کە حەجی منداڵ دروست نەبێت، حەجەکەیان دروستە، بەڵام حەجکردنیان لەکاتی منداڵیدا حەجی واجبیان لەسەر هەڵناگرێت ودەبێت کە باڵغ بوون ئەگەر توانا و دەسڵاتیان هەبوو حەجی فەرزی ئیسلام بکەنەوە.

**وصلی الله وسلم علی نبینا محمد وعلی آله وصحبه وسلم .**